www.kurdistannet.org
14-2-2003 0:04

# هەڵوێستی خاو ونەرمی (ینك) بەرامبەر بە تورکیا

هیشام ئاکرەیی

بە دید و بووچۆنی زۆربەی چاودێرانی سیاسی، تورکیا مەترسی هەرە گەورەیە لە سەر ئەزموون و چارەنووسی باشووری کوردستان، ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عیراق یان باروودووخەکە بە شێوەی ئەمڕۆ بمێنێتەوە. بەو واتایە لە هەموو حالەتێکدا دەبێ کورد زیاتر لە هەر وڵاتێکی تری دراوسێ و داگیرکەری کوردستان ئاگای لەم وڵاتە بێت و بەردەوام لە حالەتی ئامادەباش و ڕەوشی ئاوارتەدا بێت بەرامبەر پیلانەکانی ئەم وڵاتە. باوەڕ پێکردن و ساویلکە سەیرکردنی ئەم وڵاتە خۆهەلخەلەتاندنێکی کوشندەیە و دابەزینە لە ئاستی بەپرسیاریەتی.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ژمارەیەک لایەنی سیاسی و چەند وڵاتێک هەن بەناوی بەرگریکردن لە گەلانی عیراق و دژایەتیکردنی شەڕ و کاولکاری، دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق ڕاوەستاون و هەموو توانایەکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردوە. ئەگەر چی خودی ئەم لایەنانە باش دەزانن کە ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی وەریانگرتوە نابێتە ئەگەری پاشگەزبوونەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە هێرشەچاوەڕوانکراوەکەیان، بە پێچەوانەوە سیاسەتەکەیان بۆتە هۆی کاردانەوەیەکی خراپ لە لایەن سەددامەوە و زیاتر سوورە لە سەر گوێنەدان بە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجامی سیاسەتەکەیان دەبێتە شەڕ نەک ئاشتی و ئەو گەلەی ئەم لایەن و وڵاتانە دەڵێن دەیپارێزین، دەکەنە قوربانی شەڕێکی قورس و گران. **ئەگەر لە جیاتی ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی چالاک و ئەرێنیانە وەربگرن لەوانەیە ببێتە هۆی ڕۆنەدانی شەڕ و نەمانی سەددام لە سەر دەسەڵات.**

ئەگەر چی زۆرربەی ئەو لایەن و وڵاتانەی دژی شەڕن، لە ڕاستیدا دژی سەددام و ڕژێمەکەشن، بەڵام چەوتی دروشم و ساویلکەیی سیاسییان وا پیشان دەدەن، ئەوان لایەنگری سەددامن یان هەڵوێستەکەیان لە بەرژەوەندی سەددامدایە.

ئەوەی چاودێری سیاسەتی (ینک) بکات بەرامبەر بە تورکیا دەبینێت شێوەیەکی بە هەمان جۆری ئەو سیاسەتەی وڵاتانی دژ بە شەڕ بەرامبەر ئەمریکا هەیانە، (ینک) یش هەیەتی، بەڵام بەرامبەر بە تورکیا و نیازی بۆ هێرشکردن بۆ سەر باشووری کوردستان.

خویایە ئەگەر لەشکری تورکیا بێت یان هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان لە گەڵ هێزی ئەمریکا، بە ڕەزامەندی لایەنی کوردی یان وەک هێزێکی داگیرکەر و زەبەلاح، مەبەستی پاک نیە بەرامبەر بە کورد. سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باشوور ئەوەندە ئاشکرایە کە پێویستی بە بەڵگە ناکات. تورکیا بەڕاشکاوی لە سەر زاری بەرپرسە کۆن و نوێیەکانی دەڵێت، ئەوان دژی دروست بوونی وڵاتێکی کوردین. ئەگەر ئەم هزرە ئامانجی ئەمڕۆی کورد و (ینک) نەبێت، بۆیە ئەم قسانەی تورکیایان پێ گرنگ نەبێت، ئەوە تورکیا تەنیا دژی ئەوە نیە بەلکو دەڵێت کەوا ئەوان بەهیچ شێوەیەک نایەڵن کورد شارەکانی کەرکوک و موسل ڕزگار بکەن و هێزی کوردی نزیک ئەو هەردوو شارەبێت. ئایە بۆ ئەمە (ینک) چی دەڵێت؟ ئەوە ئەگەر باسی هەولێر و شارەکانی تری باشووری کوردستان و دژایەتی تورکیا بۆ سیستەمی فیدڕالی لە عیراق و مافەکانی تری سەرەتایی مرۆڤ هەر نەکەین.

هەر بۆیەش ڕاوەستان بەرامبەر هاتنی لەشکری تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان خاڵێکی چارەنووس سازە و پەیوەندی بە سەربەخۆیی سیاسی هەرێمەوە هەیە و پێویست بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو دەکات لە لایەن هێزو لایەن و جەماوەری کوردستانەوە، بەتایبەت لە لایەن ( ینک) و (پدک) وە.

لەڕاگەیاندنەکانی ئەم دوایەی (ینک) سوستیەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت بەرامبەر بە هەڕەشەکانی تورکیا وئەنجامێکی خراپی دەبێ لە سەر پێشەڕۆژی هەرێم و ئەزموونەکەی. ئەم بێ هەڵوێستییە لەوانەیە ببێتە هۆی داگیرکردنی باشووری کوردستان لە لایەن تورکیاوە. ئەم باروودووخە هی ئەوە نیە بە لاوازی یان بە وشەی سیاسی نادیار هەڵوێست دەرببڕی. (ینک) لە جیاتی ئەوەی بە تورکیا بڵێت" ئێمە دژی هەر دەستوەردانێکین لە کاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان"، بە تورکیا دەڵێت " ئەگەر لەشکری ئێوە بێت، لە وانەیە ئێرانیش لەشکری خۆی

www.kurdistannet.org

بیهێنته هەرێمەکە". هەروەها لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خۆیدا، ئەم خاڵە گرنگەیان لە پشتگوێ خستوە، وەک بڵێی ئەکەر باسی نەکەن تورکیا لە بیری دەچێتەوە.

ئەم هەڵوێستە نەرمەی (ینک) لە وانەیە کاردانەوەیەکی خراپی کردبێتە سەر هەڵوێستی ( پدک) یش. پارتی لە چەند بۆنەیەکدا جەختی کردوە لە سەر ئەم خاڵە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیارێک دەربارەی ئەم بابەتە لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەکەوتووە، لە کاتێکدا زۆربەی سەرکردە و سەرۆک و پەرلەمانی وڵاتانی دونیا هەڵوێستی خۆیان سەرڕاست و ئاشکراکردوە.

هەربۆیە بەم پرسیارە کۆتایی بە بابەتەکە دێنم.

ئەگەر تورکیا لەشکری خۆی هێنایە ناو باشووری کوردستان، هەڵوێستی (ینک) و لایەنەکانی تری کوردستانی چی دەبێت، لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری نەداوە و بێ دەنگ ماوەتەوە؟